الاتحاد العام اللاجئين العراقيين
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# فیدراسیۆن لەکۆبوونەوەی هۆم ئۆفیس دا،
# پێدادەگرێ لەسەر نەناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کوردو عیراقی

رۆژی 28-3-2006 کۆبوونەوەی دەورەی هۆم ئۆفیس لەگەل بەرپرسیارانی ڕێکخراوە کوردی و عیراقیەکان لە لەندەن سازکرا، لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەری رەسمی هۆم ئۆفیس و ڕێکخراوی دەزگای کاروباری گەشەپیدانی نیودەولەتی(DFID ) ،نوێنەری رەسمی (UNHCR ) هەروەها نوێنەری قونسلیەی عیراقی وحکومەتی هەریمی کوردستان ،نوێنەری ڕێکخراوی (IOM )بەشداریان کرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە نوێنەری هۆم ئۆفیس دەستووری کۆبوونەوەکەی راگەیاند بەدوا ئەوەدا راپۆرت لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان تاوتۆکرا لەروانگەی خۆیانەوە کە هەلبژاردن وریفراندۆم بۆ دەستوور خەڵکی زۆرینەی عیراق دەنگیان پێداوە ،پاشان نوێنەری دەزگای کاروباری گەشەپیدانی نیو دەولەتی باسی لەو پرۆژەو چەندین ملیون دولارانە کرد کە گوایە خەرج کراون بۆ خزمەتگوزاریەکان و باشکردنی ژیانی خەڵك ، بەدوا ئەوەدا (نوێنەری رەسمی (UNHCR ) راپۆرتی ئەو کارانەیان دا کە لەرێگای نوسینگەکانیان لەعیراق وکوێت و ئەردەن دەیبەنە پێشەوە ودووبارە تاکیدیان کردوە کەهیچ پەنابەرێك بەزۆر نەنیریتەوە)،بەدوا ئەوەدا نوێنەری قەنسلیەی عیراقی ادعای ئارام بوونەوەی وەزعیتی سیاسی عیراقی دەکرد ودەیووت لەعیراقدا شەری ئەهلی نی یە و پرۆسەی دیمکراسی لەعیراقدا دەچیتەوە پێشەوە.

دوا تەواو بوونی بابەتەکانیان ماوە تەرخان کرا بۆ بەشداربووان، نوێنەرانی فیدراسۆن وئەو رێکخراوانەی کە ئیمزایان داوە لە (بەرەی دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ عیراق)، کە پێك هاتبوو لە(بورهان فەتاح،سورمە حمید،شەپۆل سەعید، سارە،دەشتی جەمال)بەشداریان کرد لەقسەو باسەکاندا ،و ئەو ئیدعایانەی لەراپۆرتەکەدا هاتبوو زۆر بەتووندی بەرپەرچ درایەوە کە دوور بوون لەراستی بارودۆخی ئیستای عیراق بەکوردستانیشەوە ، پەردەیان لە رووی راستی یەکان خستە روو باسی وسیناریووی گالتەجارانەی هەڵبژاردن ، دەنگدان بەدەستوور کە خەڵکی عیراق چۆن (نا)یەکی گەورەیان بە بەرووی سیاسەتەکانی ئەمریکاو بەدیلی ئیسلامی-قەومی داوە لەعیراقدا.. لەسەر دەستپێکردنی شەر مەزهەبی وتایفی و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنیو بیدیفاع ، نا شەرعی بوونی ئەو حکومەتەی عیراق ،نا ئەمنیو نائارامی،تیرۆر ،.نەبوونی هیچ خزمەتگوزاری پزیشکی ..بێ ئاوی وبێ کارەبای و بێ دەرمانیو خانەو لانەی...لیسندنەوەی سیمای کۆمەلگای مەدەنی وتوندو تیژی و بیحوقی ژنان و مندالان ..ئاوارەی و دەیان مەینەتی تر کە بەر ئەنجامی شەرو داگیرکاری رووبەرووی خەڵکی عیراق بۆتەوە باسکرد..هاوکات ئەو ئیدعایانەیان وەلام دایەوە کە لەسەر کوردستان باس کرا.. واقعی ئیستای کوردستانیان گیرایەوە ،لە گەندەلی و فەسادی ئیداری تا سەرکوتی ئازادی هەلسورانی سیاسی ونارەزایەتی جەماوەریەکانی خەڵکی هەلبجەو و هەرەشەی بەرێوەبردنی حکومی اعدام ..تا سەرکوتی نارەزایەتی یەکانی (لاوان ،قووتابیان، مامۆستایان سایەق تەکسی،جەماوەری نارازی (رەحیماوا و شۆرجەو ،کەلارو رانیەو،کۆیەو هەلبجە ،بێ مافی ژنان ،دیاردەی ژن کۆشتنو..دادگای کردنی نووسەرو رۆشەنبیران بەدەلیلی نوسین ..نموونەکانی کەمالی سەید قادر باس کران تا دیارنەبوونی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەژیر سایەی ئەم هەلۆمەرجەی ئیستا دا کە خەڵکی کوردستانی ناچار بە ئاوارەی کردوە .. لەبەشێکی تر قسەکاندا هەڵسوراوانی فیدراسیۆن سیاسەتی بەزۆر گیرانەوەی پەنابەران ولیسندنەوەی خانووبەرو خزمەتگوزرایەکان دایە بەر رەخنە،تاسیراتی سلبی ئەو سیاسەتە باس کرا کە چەند خەتەرناکە رووبەرووی پەنابەرانی کورد دەکریتەوە ، داوا دەستبەجی بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی کوردو عیراقی راگەیەنرا.

نوێنەرانی هۆم ئۆفیسو قونسلیەی عیراقی کەوتنە وەلام دانەوە و شپرز بوون وسەر ئەنجام نوێنەری قونسلیەی عیراقی لەنیوەی باسەکاندا کۆبوونەوەکەیان جیهیشت،بەشێکی تری باسەکان چووە سەر گیرانەوەی پەنابەرانی کورد، نوێنەری رەسمی هۆم ئۆفیس رای گەیاند ئەوان تەوافقیان هەیە لەگەل حکومەتی ئیستای عیراق بۆ ناردنەوەی پەنابەران... ،وە لەهیچ کۆبوونەوەیەکدا نەیان ووتووە بەهیچ لایەنێك گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران رادەگرن.. ،هەروەها ئەو پەنابەرانەی رەفزیان هەیە دەبێ ئیرە جێبهیلن و ئەوانە پرۆسەی قانوونیان بریووە ..وئەوەیان ووت گوایە کە یاسای کۆنفدراسیۆنی جنیف 1951 دەبنە پێشەوە لەگەل هەموو پەنابەران لەبریتانیادا..هاوکات ووتیان خواستێکی زۆر لەسەر گیرانەوەی بەناو(ئارەزوومەندانە )هەیە لەئیستادا بەزۆر کەس نانیرنەوە ..،بەلام پرۆسەی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی عیراقی رانەگیراوە تا ئەوەی دەگەن بە اتفاقی تازەتر لەگەل حکومەتی عیراقیدا.

لەبەشێکی تری قسەو باسەکاندا لەسەر پرۆژەی بەناو(گێرانەوەی ئارەزوومەندانە)قسەو باس کرا ،ئەو پەنابەرانەی تا ئیستا نێراونەتەوە ، لەم بەشەدا بەدوای پرسیارو وەلام ، نۆینەری هۆم ئۆفیس ووتی(ئەو کەسانەی کە نایانەویت بە ئارەزوومەندا بگەرینەوە ئەگەر بیسەلمێنن بەدەلیلێ کەپێشتر نەیان دابێ بەدادگا یان لەوەختی داوای پەنابەری کەیان ،ئەوا دەتوانن داوای تازە بکەنەوە لەرێگای محامی یەوە..هەروەها لەسەر کەیسی ئەو پەنابەران قسە کرا کە خەڵکی ئەو شۆینانە بوون کە پێشتر لە ژیر دەسەلاتی رژیمی فاشی بەعس بوون_..وەك کەیسی (بەختیار رەشید)ووتیان نزیك بە 200 کەیس لەبەردەمیاندایە بەووردی دراسەی دەکەن و وەلام دەدەنەوە.

پاشان کۆبوونەوە چووسەر سیکشن(4) و راپۆرتی (IOM) و ئەو برە پارەیەی تەرخان کراوە بدرێ بەو پەنابەرانەی دەیانەویت بگەرینەوە..، شایەنی ئاماژەپێکردنە لەهەموو دەستووری باسەکانی کۆبوونەوەکەدا ،لەلایەن هەلسوراوانی فیدراسیۆنەوە رەخنەی جدی وە داواکاری و رێگا چارەی کارسازو ئینسانی خراوەتە بەردەم نۆینەرانی هۆم ئۆفیس بۆ بەرەسمیت ناسینی مافی پەنابەری بەسەرجەم پەنابەران بە عنوانی قوربانی جەنگ وگیراوەی تەواوی خزمەتگوزاریەکان و مافی کارکردن بۆ پەنابەران.

فیدراسیۆنی لەریزی پێشەوەی (بەرەی دژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ عیراق)، بەهاوبەشی دەیان رێکخراوی و نیهادی ئینسانیو پەنابەری ویەکیتی کرێکاری و ئەندام پەرلەمان و کەسایەتی تێدەکۆشێ تا بتوانی هیزی گەورەتر وفشاری گەورەتر بخاتە سەر سیاسەتی دژ پەنابەری حکومەتی بریتانیا بۆ بەشکستکیشانی سیاسەتی بەزۆر گێرانەوەی پەنابەران ومافی نیشتەجێبوون، لەم پێناوەدا داوا لەتەواوی پەنابەرانی کوردو عیراقی دەکەیین ئیرادە بکەن، ریزەکانی خۆیان رێکخراو بکەن لە دەوری فیدراسیۆن بۆ خواستە ئینسانی یەکانی خۆیان کۆبنەوە، و بەشداری بکەن لەچالاکی یەکانی بەرەی دژ بەدیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ عیراق.

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2006-3-30

---

www.federasion.org

Tel:00447866757213